# یاخیبوونێک لە ژن

هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com



ئەو مالەم بۆ چیە
کە تەنها جێگای ژنێکی تیا ئەبتەوە
من ئەتوانم
لە شعرێکدا
هەرچی ژنە کۆیکەمەوە
ژنی مال
هەر خەریکی پەردەپۆشی پەنجەرەکان
لێم ناگەڕێ
لە روناکی رووتبمەوە
چی لە بەژنی تۆ بکەم ئەی ژن
کە خەونێکی تیادا نەڕوێ
لەزەتی من بۆ تۆ چیە
کە روحی من ببێتە گۆڕستانی خەون
من و تۆ
بەبێ گەڕان
لە زیندانی حەزەکاندا یەکمان ناسی
تاوانی من خەوبینین بوو
تاوانی تۆ شانۆی بێ دەق
وامئەزانی
لەبێ دەقی شانۆی داهاتووتدا
خەونەکانم ئەبنە ئەکتەر
نەمدەزانی
تۆ زیندانی خەونەکانی
لە باوەشی بەژنی رووتت
هەرچی خەونە نەزۆک ئەبێ
بۆ ملوانکەی ملی حەزەکانت
چی لە تۆ بکەم

چی لە من ئەکەیت
من دەمەوێ
مەمکەکانت بە بەردەوام
تەڕ تەڕ
لە ژێر باران
بۆ رێبوارەکان پێبکەنن
تۆش لە سەرمان
تەڕ و ووشکی
دارستانی سەر سینگی من ئەسوتێنی
چی لە مال بکەم
کە بەژنێکی رووتی تیا نەبینم
من ئەتوانم
لە پیاسەییێک
گشت کەسەکان رووتکەمەوە
لە روناکی چاوەکانم
هەر کێم بووێت بە رووتیەتی هەلیبگرم
بۆ ئازادی سەرخۆش بوونیان
لە کۆلانەکانی جەستەم
گۆرانیە نهێنیەکانیان
لەگەل ئاوازی مانگەشەو
لە سەر گەلای ئەو دارانە تۆماربکەم
کە بەیانیان زوو
بالدارەکان ئەیخوێنەوە
منت بۆ چیە و
تۆم بۆ چیە
کە هەر لە تاریکی
لێوەکانمان ببنە دزی جەستە
من بەگریان
لەتاریکی
بە نهێنی لەدایک بووم

ئەمەوێ
منداڵەکانم
لەبەر چاوی کامێرەدا
بۆ روناکی
سەر دەربێنن
تکایە ئەی ژن
ئەو هاوارە لە خۆت دەرکە
کە بۆ زایین هەڵتگرتووە
گەر ناتوانی
من ئامادەم
لە شوێنی تۆ ئاوس ببم
کۆرپەکانیشم
بۆ
تۆ

١٩ی١٢ی٢٠٠٥